سەید حەکیم: عیراقییەکان دەتوانن ڕکا بەرییەکان تێپەڕ بکەن و بۆ هەل بیگۆڕن

لەپارێزگای هەولێر، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت لە میوانخانەی شێخ فاروق یوسف ئاغا شێخ بزێنی چاوی بەکۆمەڵیك شێخ و پیاوەدیارەکانی هەولێر کەوت، لەم دیدارە سەماحەتی هەڵوێستی ئیمام حەکیمی (نهێنی پارێزراو بێت)ی لە بەرگریکردن لە کورد باسکرد لەگەڵ پەیوەندی بەهێزی نێوان سەرکردە کوردەکان و شەهید میحراب لە ڕووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆریەت و تیرۆر و تایفییەت شان بەشانی یەکتر.

سەماحەتی سەرۆک دیدگا جیاوازەکانی بە دیاردەیەکی سروشتی دەزانی بە لەبەرچاوگرتنی فرەچەشنی عێراق،
جەختی لەوە کردەوە کە ناکۆکی شەرمەزاری نییە، بەڵکو ئەوەی شەرمەزاریییە، بێتواناییە لە
ڕووبەڕووبوونەوەی و چارەسەرکردنی هەروەها متمانەی خۆی بە توانای عێراقییەکان دەربڕی بۆ تێپەڕاندنی
ئاستەنگەکان و سوودوەرگرتن لەو دەرفەتانەی لێیانەوە سەرهەڵدەدەن.
..
بەڕێز حەکیم داوای بەڕێوەبردنی باشی قەیرانی ئابووری و سەرکەوتن لە تێپەڕاندنی ئەم ڕکا بەرییەی کرد،
هەروەها جەختی لەسەر پێویستی هەنگاونان لە دۆخی تاك داهاتی عێراق کرد ئەویش بە ئەکتیڤکردنی
ئابووری، و هاندانی کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتیاری، وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای مۆدێرن، و
لابردنی نەوت لە بودجەی گشتی و تەرخانکردنی بۆ گەشەپێدان و پڕۆژە ستراتیژییەکان، لەکۆتایدا ئاماژەی
بە پێگەی عێراق کرد لە بەربەستە مێژووییە گەورەکاندا، و بەشداریییەکانی لە ڕێپێوانی شارستانییەتی
مرۆڤایی□تیدا..